# خوێندنەوەیەک بۆ شیعرەکانی ژمارە (3)ی گۆڤاری کەلێن

خەلیل سەلیم

شیعری "ژنی ژمارە ٤٤"

شیعری "ژنی ژمارە ٤٤، یان سەرەتا زەوی هەبوو"، لە نووسینی "داستان بەرزان"ە، ئەم شیعرە لە ١٨ کۆپلە شیعر پێکدێت، شاعیر هەوڵی ئەوەی داوە، کە لەسەرەتادا ئەو هزرەی، کە زۆر لە فەیلەسووفان هەر لە هۆبز و ڤۆلتێرەوە تا دەگاتە فرۆید، کە دەڵێن: سروشتی مرۆڤ شەڕخواز و تەماعکارە؛ بەشێوەی فۆرمی شیعریی دووبارە وەبیرمان بهێنێتەوە و ڕەخنەی ئەوە لە مرۆڤایەتی بگرێت، کە هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدەن یەکتر بچەوسێننەوە و ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئەم جیهانە مرۆڤی خراپ بەڕێوەی دەبات. هەروەها بەهەمان شێوەی ئەو فەیلەسووفانە ئەوە دەخاتە ڕوو، کە جیهان باشە، لێ ئەوە مرۆڤەکانن، کە هەوڵی خراپکردنی دەدەن، بۆیەش هەر لەسەرەتای شیعرەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت:

مرۆڤ ناهێڵێت جیهان چاک بێت
دەنا بنەچەی جیهان باشەیە

شاعیر بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت لە باسکردنی دڕندەیی مرۆڤ، هەموو ئەو تەماعکاریی و ململانێی نێوان مرۆڤەکان دەخاتەڕوو و لۆمەی مرۆڤ دەکات، کە هەمیشە خوازیاری شەڕ و کوشتارە، لە بری ئەوەی، کە پێویستە مرۆڤ یەکتریان خۆشبوێت، ئەوا هەمیشە ڕقیان لەیەکترە. شاعیر، بەردەوام دەبێت تا دەگاتە کۆپلەی سێیەم. لەم کۆپلە بەدواوە، بەشێوەیەکی ئاگایانە دەیەوێت باسەکەی لەسەر شێوەی سێگۆشەیەکی سەرەوژێر چەقی قسەکانی بخاتە سەر ئەوپرسەی، کە ئەو دەخوازێ بە شیعر باسیان لێوە بکات. بۆیە لە کۆپلەکانی دواتر دێتە سەر پرسێکی تر، کە ئەویش پرسی نەریت و کولتوورە باوەکانی جڤاکە. لە شیعرەکەدا ئەوە خویا دەبێت، کە شاعیر لەمەر مەسەلەی کولتووری کۆنباوی جڤاک، دەخوازێ ڕەخنەی توندی لێبگرێت و ئەو دژایەتییەی، کە لە هەمبەری ئەڤین هەیانە شەرمەزار بکات. ئەو شەرمەزارکردن و ڕەخنەیەی، کە دەبێت ڕووبەڕووی جڤاک بکرێنەوە، شاعیر بە ئەرکی خۆی دەزانێت، بۆیەش دەڵێت:

من ژیانم بە بیرکردنەوەی زۆر و
خەمی زۆر و

قەلەقی زۆرەوە دەخۆم
ئەمانە بەردی منن
بەردی هەمیشەیی سەرشانم.
لەگەڵ ئەوەشدا، شاعیر دەیەوێت ئەوەمان پێبڵێت: کە مرۆڤەکان هەمیشە هەوڵی ڕووخان و شکاندنی بەرانبەریان دەدەن، ناهێڵن مرۆڤەکان خەونەکانیان بکەن بە ڕاستیی، هەرکەس هەنگاوێک بەرەو ئامانج بهاوێژێ، هەنگاوەکانی هەڵەتە دەکەن. شاعیر، دەخوازێ ئەوە بێژێت: کە پێویستە مرۆڤ پشتبەخۆی ببەستێ، هەنگاوێک، کە پێی گونجاوە، با بیهاوێژێ، چونکە مرۆڤەکانی دەوروبەری ڕاستگۆ نین، دەیانەوێت بیڕووخێنن. بۆ نموونە دەڵێت:
کەس حەزی لە خەونی کەس نییە
کەس بۆن بە گوڵی ئەویترەوە ناکات... تاد
شاعیر بەم شێوەیە لە باسکرن لە هەموو ئەو دڕندەییانەی مرۆڤ، تا دەگاتە کۆپلەی حەوتەم بەردەوام دەبێت. لە کۆپلەی حەوتەم، هەشتەم و نۆیەمدا، شاعیر دەخوازێت تەکەزی زیاتر بخاتە سەر تابۆی ئەڤینداریی لەناو جڤاکدا. لەم کۆپلەیە بەدواوە وێنەیەکی شیعریی پێشاندەدرێت، کە هەڵقولاوی جڤاکی نەریتی و کۆنباوە. ئەو دەیەوێت هەموو ئەو چەپێندراوە زایندەیی و خولیایانەی، کە لەهەمبەری ئەڤین و زایندەیی هەیە، لە ڕێگەی شیعرەوە وێنابکاتەوە، لێ لە هەمبەری ئەوانەشدا دەستەڵات و هێزی دژبەرەکیش پێشانبدات. لێرەدا شاعیر خۆی دەکاتە کارەکتەری ئەم پرسە و بە ڕەنگێکی جوان ڕۆڵەکە دەنوێنێت و باس لەو شکاندن و دژبەرەکەییە دەکات، کە لە هەمبەری ئەڤینداری ئەنجامەدرێت. ئەو ڕەخنانەی، کە شاعیر لە جڤاک دەگرێت، کۆمەڵە ڕەخنەیەکن، کە بە وێنەی شیعرییەکەی ئەوە پێشاندەدات، کە پێم وایە ڕەنگی درامایەکی وەرگرتووە، هەروەها ئەو دەیەوێت ئەم پرسەی دژیەتی لە هەمبەری ئەڤینداری بەشێوەیەکی گونجاو گرێبداتەوە بە پرسی دڕندەیی مرۆڤ، کە لەدەستپێکی شیعرەکەیدا ئاماژەی پێکردبوو.
لەگەڵ ئەوانەشدا، شاعیر لە کۆپلەی دەیەم تا کۆتا کۆپلە، دێتەوە سەر پرسێکی تر ئەویش پرسی سیستێم و نامۆبوونی مرۆڤە. یاخود دەتوانین بڵێین پرسی سیستێم و داماڵینی مرۆڤە لە شێوە سروشتییەکەی. شاعیر دەخوازێ ئەوە پێشانی خوێنەر بدات، کە چۆن سیستێم بەشێوەیەکی توند ڕۆچووەتە ناو ژیانی مرۆڤ و تەواوی ژیانی خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆی، بۆیەش هەر لە دەسپێکی کۆپلەی دەیەمدا دەڵێت:
سەربان و سندوق و سەبەتەکانمان پڕبوون لە پۆلیس
حەوشە و حەمام و حاشییەکانمان پڕبوون لە پۆلیس... تاد

دیارەدا پۆلیس، وەک چاودێرێک بەسەر مرۆڤەوە، کە وایکردووە هەمیشە مرۆڤ کۆنترۆڵکراو بێت. پۆلیس وەک بەشێک لە سیستێم، کە شاعیر لە شیعرەکەیدا بەکاریهێناوە، دەخوازێ ئەوە بە خوێنەر پیشانبدات، کە چۆن سیستێم ناهێڵێت مرۆڤ دەستەڵاتی بەسەر ژیانی خۆیدا هەبێت، چونکە هەرچی کردەوەیەک، کە مرۆڤ دەخوازێ بیکات، ئەوا کەوتووەتە ژێر کۆنترۆڵی سیستێمەوە و سەرەنجام وای لێکردووە، کە لە خودی مرۆڤبوونی خۆی نامۆبێت. بەگشتی ئەم شیعرە هەڵگری هزرێکی فەلسەفییە، کە باس لەوە دەکات، کە چۆن مرۆڤ دڕندەیە، لەگەڵ ئەوەشدا، کە شاعیر باس لە دڕندەیی مرۆڤ دەکات، لەهەمان کاتدا باس لەوەش دەکات، کە کۆنترۆلی سیستێم بەسەر مرۆڤەوە وادەکات، مرۆڤ لە خودی خۆی نامۆبێت و یەکیەتی مرۆڤ بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی سیستێمەوە.

شیعری "کە تۆم هەبێ"

لە شیعری "کە تۆم هەبێ"، شیعر "زارا ئەحمەد جاف"ە، ئەم شیعرە، لە سێ کۆپلە شیعر پێکهاتووە. ئەم شیعرە جۆرێکە لە شیعری ئەڤینداریی. ئەوەی لەم شیعرەدا دەبیندرێت، ئەوەیە، کە شاعیر بەشێوەیەکی توند ژیانی خۆی گرێداوە بە ئەڤیندارەکەیەوە. جۆرێک لە دنیابینیی لەجەم شاعیردا دەبیندرێت، ئەویش ئەڤیندارەکەیەتی. شاعیر دەیەوێت دۆخی هەبوون و نەبوونی یار پێشان بدات، کە بە هەبوون و نەبوونیەکەی، تەنێ ژیانی بە یارەوە وابەستەیە، کە ئەگەر یار هەبێ، کەواتە ئەویش دەتوانێ هەبوونی خۆی وەدەست بخات و ڕەنگەکانی ژیان لە هەبوونی یارەوە وەدەست بخات، لێ ئەگەر یار نەبێ، کەواتە ڕەنگینیی ژیانیش لە جەم وی، شتێکی نەبووە. لەم شیعرەدا مۆتیڤی ژیان تەنێ یارە، ئەگەر یار نەبێ ئەوا ئەو/شاعیر کەسێکی پاسیڤە. هەرچەند ڕەنگبێت بە وشە و پێکەوەگرێدانەکانی پەیامێک بگەیەنێت، لێ هزرێکی قووڵ و باگراوەندێکی سەرکێشی و کەلێنخستنەوە، لەم شیعرەدا نابیندرێت، بەڵکو ئەوەی دەبیندرێت ئەوەیە، کە یار وەک ئۆبژەی "ئەویتری گەورە" کۆنترۆڵی تەواوی ژیانی شاعیری کردووە. شاعیر لەم شیعرەیدا یەکیەتی کەسایەتی خۆی لەدەست داوە و کۆنترۆڵی کەسایەتی خۆی بەتەواوەتی خستووەتە دەستی یار. بەشێوەیەکی گشتی، ئەوەی لەم شیعرەدا بۆ خوێنەر وێنا دەبێت، تەنیا دووشتن، یەکەمیان ئەوەیە؛ ئەگەر یار لەجەم شاعیردا بوو، ئەوا شاعیر دەتوانێت خۆش بژێت. بێخەم بێت. ژیانی ڕەنگینبێت. هەست بەتەنیایی نەکات... تاد، لێ دووەمیان ئەوەیە؛ ئەگەر یار لەجەم شاعیردا نەبوو، ئەوا خەمباریی، دڵتەنگیی، پەرێشانیی، هەستکردن بە غەریبیی... تاد، دروست دەبێت.

شیعری "قوفڵ لەدەرگەکەم دەدەم و دەڕۆم"

شیعری "قوفڵ لە دەرگەکەم دەدەم و دەڕۆم" شیعری بەختیار ئۆغەن"ە. ئەم شعیر، خۆی لە گێڕانەوەی کارەساتەکان، کە بەسەر مرۆڤدا هاتووە (بەتایبەت ئەو کارەساتانەی، کە بەسەر کورد هاتووە) دەبینێتەوە. بەگشتی شاعیر زۆر ئاگاییانە دەخوازێ کارەساتەکانی مێژوو بە وێناکردنێکی جوان، لەسەر شێوەی شیعر بە خوێنەر ئاشنا بکات. ئەوەی لێرەدا دەبیندرێت، ئەوەیە؛ شاعیر هەوڵی ئەوەی داوە، کە ئەو کارەساتانەی لە نائاگەمەندیی ئەودا ماونەتەوە، لە شێوەی فۆڕمی شیعریی، دووبارەی بکاتەوە. مۆرکی هەرەدیاری ئەم شیعرە، ڕەهەندێکی دەروونی لەخۆدەگرێت، ئەویش هەبوونی هێدمەی دەروونییە (Trauma). شایەنی ئاماژەبۆکردنە، کە هێدمەی دەروونیی، خۆی لەهەموو ئەو ئۆبژە ئازاربەخشانە دەبینێتەوە، کە لە ڕابردووی ژیانی مرۆڤدا ڕوویداوە و بەشێوەیەکی نائاگامەندیی لە هزری ئەودا ماونەتەوە و هەمیشە ترسی ئەوەی هەیە، کە ئەم ڕووداوانە دووبارە ببنەوە، بۆیەش دەبینین، کە شاعیر لەم شیعرەیدا کۆمەڵێک ئاماژەی بەکارهێناوە، کە گوزارشت لە ترسی ڕووداوە کارەستبارەکان دەکات. بۆ نموونە لە دەستپێکی شیعرەکەید دەڵێت:

تفەنگەکان هەڵساونەتەوە

لە ویزەی فیشەک ژیان خەوی زڕاوە... تاد

وەک دیارە، کارەساتە هەمیشەییەکانی کوشتار و بڕین، کە بەسەر ئەم میللەتە دێت و دووبارە دەبێتەوە، فەنتازیایەکی ئازاربەخشی لەجەم شاعیردا ئافراندووە، ئەو لەهەمبەر ئەم کارەساتانە بێزارییەک پیشاندەدات، کە دەیەوێت بڕوات و سەرهەڵبگرێ، چونکە وەک لە شیعرەکەدا دیارە، شاعیر ئومێدێکی بەچاکبوونی ئەم دۆخە نەماوە. کوشتن، بڕین و برسییەتی منداڵەکان، شتێکی وەڕەزهێنە بۆ ئەو:

ئەم باخە کرم لێیداوە

تازە بەهار وەک پیاوێکی بەساڵاچوو بەهیچ ڕاناگات.

ڕۆیشتن و ڕێکردن، یەکێکی ترە لەو لایەنانەی، کە شاعیر لەم شیعرەیدا باسی لێوەکردووە. شاعیر قەدەری خۆی لەگەڵ ڕێکردندا بە شیعر باسکردووە، ئەو دەیەوێت بەم ڕێکردنە خۆی لەو نەهامەتییانەی، کە هەمیشە لە هزریدا دەزرینگێنەوە، دوور بخاتەوە. هەرچەند جارێک دەیەوێت، وەک هەڵسانەوەیەک بگەڕێتەوە و واز لەم ڕێکردن و دوورکەوتنەوەی بهێنێت، ئیتر دووبارە خۆی لەگەڵ ئەڤین تەقلیهەڤ بکەت، لێ دووبارە تەنێ ڕێکردن، وەک چارەیەک لەهەمبەری خۆیدا دەبینێتەوە، هەروەک، کە دەڵێت:

بەدوای چۆڕاوگەی یادەوەرییەکاندا دێمەوە

له سەری کۆڵانی هەرزەیی ڕادەوەستم
خۆم ئاودیوی نێو حەوشەی کچە شەرمنەکەی تاخ دەکەمەوە
پێی دەڵێم:
دەستەکانم بگرە
شۆڕم بکەوە بەنێو خۆتدا
وەک ئەو ڕسکەی شۆڕت کردووەتەوە بە گەردەنت.

لەدوای ئەم کۆپلەیەی، شاعیر، دەخوازێ ئەوە بە خوێنەر ئاشنا بکات، کە ئەگەر بڕوات ئەڤینی یار وندا دەبێت. ئەو ناخوازێت یار جێبێڵێت، لێ لەنێوان ئەڤینداری و خەونە دۆڕاوەکان، دووبارە ڕێگەی ڕێکردن دەگرێتەوە بەر، بەڵام ئەو جارە دەیەوێت، وەک فڕندەکان باڵبگرێت، ئیتر ڕێکردن بەدەم ڕێگەوە، تەمەنی بەرەو پیریەتی ئاڕاستە دەکات. ئیتر بەم شێوەیە شاعیر دەخوازێ یەکجاریی، قەدەری بە دەم ڕێگەوە، بەردەوامی پێبدات. بەگشتی ئەوەی لەم شیعرەدا دەبیندرێت، کە خۆی لە چوارچێوەی گێڕانەوەی فانتازیایەکی غەمگیندا دەبینێتەوە، تەکنیکێک و بەکارهێنانێکی فرە جوان خویا دەبێت. لە بەکارهێنانی وشەکانیشدا، هەوڵی ئەوە دراوە، کە وێنە شیعریەکی جوان پێشان بدرێت و باگراوەندێکی هزریی تاڕادەیەک قووڵیش بە خوێنەر پێشانبدات.

شیعری "کۆتر ئەفسانە"

شیعری "کۆتر ئەفسانە"، نووسینی " ئەحمەد مستەفا نەجمەدین". ئەم شیعرە، لە سێ کۆپلەشیعر پێکدێت، کە لە ڕووی فۆڕمەوە لە هەرسێ شیعرەکەی تر جیاوازە. تێگەیشتن لەم جۆرە شیعرە شتێکی ئاسان نییە، چونکە شاعیر هەوڵی ئەوەی داوە، کە خوێنەر کەمێک لە واقیع دووربخاتەوە، هەروەها کات و شوێنیش بەڕادەیەکی باش لەم شیعرەدا نادیارە. ئەوەی، کە ڕەنگبێت زۆر ئاشکرابێت، تەنێ ئەو سیمبۆلیکەبێت، کە شاعیر، کۆتر، وەک ڕەمزێک بەکاردەهێنێت. ئەم جۆرە شیعرە ڕەنگبێت، بۆ تێگەیشتن لێی پێویست بەوە بکات، کە جارێکی تر بخوێندرێتەوە، چونکە هەروەک گوتمان ئەم شیعرە لە شێوەدا لەگەڵ واقیع ناسازە، هەروەک دەڵێت:
کۆتر شکا
لەبەر باران
کۆتر شا
مۆرانە
شار ڕەش هات
دار دەڕوا
بەرد هەروا ... تاد

ئەگەر سەرەنج بدەین، دەبینین، کە نە تشتەک واقیعییە، کە کۆتر بشکێت، لێ دەبێت سیمبۆلی ئەم کۆترە چی بێت؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسە، بەقەد خوێندنەوەی شیعرەکە کارێکی ئاسان نابێت، بەڵام بەگشتی ئەوەی بۆمن ئاشکرابێت، ئەوەیە، کە شاعیر بەشێوەیەکی نائاسایی، دەخوازێت پەیامێک لەبارەی تراژێدیای جڤاک لە هەمبەری ژن، بەخوێنەر بگەیەنێت. ڕەنگبێت بۆ کەسێکی تر وانەبێت و مانایەکی تر ببەخشێت، لێ دەتوانم ئەوە بڵێم، کە شاعیر، کۆتر، وەک سیمبۆلێک بۆ ژن بەکاردەهێنێت، کە چۆن نەریتە باوەکانی جڤاک، بووەتە هۆی ئەوەی، کە ژن بچەوسێنرێتەوە، لەناوببردرێت، بشکێت... تاد. دیارە کە نەریتی باوی کۆمەڵگە داخراو و دواکەوتووەکان، هەمیشە ژن تێیدا سەرکوتکراو و مافخوراوون. ئەوەی لەم شیعرەشدا بۆمن خویایە، ئەوەیە، کە شاعیر دەخوازێت، بەشێوەیەکی سیمبۆلی کۆتر ئەم دۆخەی ژن پێشان بدات. هەرچەند لە کۆپلەی دووەم، شاعیر، ژن وەک وشە لە شیعرەکەیدا بەکاردەهێنێت، لێ بە نەرینی من، لە ناوهێنانی کۆتریشدا، مەبەستی شاعیر هەر ژنە:

کۆتری سەر دەرکە
ژنێ لە موو
لە پشت دەرکە
دەست دەکوتێ
تەرم
پۆستەر بۆ کۆتر
کۆتر لەبەر هەتاوی سارد بۆ تەرم
پیرموو لە ناو دەرکە
قەبری زەوی لە پشتێ
کۆتر مەمکی بەڕەڵلاکرد ... تاد.

ئەگەر سەرەنجی ئەم کۆپلەیە بدەین، دەبینین، کە شاعیر بەشێوەیەکی سیمبۆلیی، باس لە کۆت و بەندکرنی ژن دەکات، کە چۆن لە پشت دەرگەکانەوە، ژن بەندکراوە و وەک پیاو ئازاد نییە، لەبەرانبەریشدا، پۆستەر و قسەی برقەداری وەک مافی ژن بۆ ژنان دروست دەکرێت، بەڵام سەرەنجام ئیتر ئەوە ژنە کە هەمیشە، سنووری لەگەڵ قەبر و مردن نزیکە.

لە کۆپلەی سێیەمیشدا، شاعیر دەخوازێ ئەوە بێژێت، کە ئەم جیهانە، هەمیشە ئاگر و دۆزەخە بۆ ژن، ئەو ئەفسانانەی، کە جڤاک باوەڕی پێیەتی، هەمیشە هێزی سەرکوتکردنی ژن بووە. ئەم جیهانە مەیلی گریانی ژنی هەیە:

کڵاوی کۆتر
زەوی گرینۆکانە لە کۆتریدا

ئەفسانە
بووک بووک بووک
زەوی ماڵی ئاگر
شە
کەوت
ئاوێنە
ماندی
بووک
کەوت
ئاوێنە لالوت
تەرم کەوت ... تاد

شاعیر، لە کۆپلەی کۆتاییدا، ئەفسانە وەک بەشێک لە کولتووری جڤاک، کە دەبێتە هۆی چەوساندنەوەی ژن بەکاردەهێنێت. من وای دەبینم، کە شاعیر مەبەستیەتی ئەوە بەخوێنەر بڵێت؛ کە سەرباری ئەوەی ژن دەچەوسێنرێتەوە، لێ لەکۆتاییدا ئەوە تەنێ ژنە، کە مەیلی لەجوانیی و ڕازاندنەوەیە. ئەو دەخوازێ وشەکانی، بووک، ئاوێنە و شە، وەک ڕەمزێک بۆ جوانیی، کە لەلای ژن هەیە، پێشان بدات، لێ هەمیشە بە لەناوبردنی ژن، ئاوێنە لالوت دەمێنێتەوە. بەشێوەیەکی گشتی؛ ئەوەی من لەم شیعرەدا دەیبینم، ئەوەیە، کە شاعیر بەشێوەیەکی نائاسایی و دوور لەواقیع، دەخوازێت، پەیامێک لەبارەی پرسی ژنانەوە، کە کۆتری وەک سیمبولێک بۆ ژن داناوە، بە خوێنەر بگەیەنێت. ڕەنگبێت خوێندنەوەی ئەم شیعرە بۆ کەسێکی تر مانایەکی تر بدات (هەروەک لە پێشتریشدا باسم کرد)، لێ سەرەنجام ئەوە زیندووی دەق پێشاندەدات، کە شاعیر بە تەکنیکێکی جودا شیعری ئافراندووە، کە پێی دەگوترێت فۆڕمی گران.